# لەسێدارەدانی سەددام... شۆڤێنییەتی عەرەب و هەندێ ئاراستەی تر؟

تەها سلێمان
tahaleman17@yahoo.com



ئایا دەکرێ کەسەددام لە سێدارە درا ، چاوەڕوانی ئەوە بکەین عێراقی دوای لە سێدارەدنی دکتاتۆرێکی دەگمەنی وەك سەددام ئەو عێراقە بێ کەپێکەوە ژیان و لێکتر گەشتن تیایدا ببێتە ستراکتۆری دامەزراندنی ئایندەیەکی گەشەدار؟ بێگومان پێویستە پێش هەمووشتێ ئەوە بزانین کە بەعس بەرهەمی بیرکردنەوەو تێفکرینی سەددام نیە ، بەپێچەوانەوە سەددام و هاوشێوەکانی بەرهەمی فەلسەفە و فیکرو سیاسەتی بەعسن. لەوەش کوشندەتر نیە بڵێین بەلە سێدارەدانی سەددام بەعسییزم کۆتایی پێدێ و ئیتر عێراق دەبێتە عێراقێکی دوور لە کوولتوری (سەدامیزم یان بەعسییزم)، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەك چۆن لەسەرەتای ڕووخانی حکومەتی دکتاتۆری بەعس هەندێ بۆچوون پێیان وابوو ئیتر بەعس وەك (فیکر-سیاسەت) و کاری ڕێکخراوەیی تەواو بوو ، کەبەماوەیەکی کەم ئەم بۆچوونە ناتەندرووستە بەزیندوو بوونەوەی بەعس یان خۆکۆکردنەوەی بەعس ناڕاستی خۆی سەلماند و پووچەڵ بوویەوە ، ئاوهاش بڕوابوون بەوەی عێراقی دوای سەددام نابێتە ئەو عێراقەی کە هەموو ئەگەرو گریمانەکان تیایدا بە ئاراستەی ئارامی و ململانێی تەندروست هەنگاو هەڵبێنن. ئەگەر بەعس قوتابخانەی پێگەیاندنی سەددام و هاوشێوەکانی بووبێ لە درندەیی و لوتکەی بەربەرییەتدا و ئەمڕۆش سەددام لە سێدارە درا و هەندێکی تر لە هاوشێوەکانی لە لوتکەی دەسلاّتی پێشووی لە گۆڕنراویاندا چاوەنواڕی هەمان چارەنوی سەددام بکەن، دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە هەمان بەعس و بە هەمان فەلسەفە و فیکرو سیاسەت و هتد لە کۆششی پێگەیاندنی سەددام گەلێکی تردان و ئەگەر لەسەدام درندەتر و دکتاتۆر ترنەبن ئەوا کەمتر نابن بەپێی ئەو بوارانەی بۆیان دبلوێ یان هەڵکەوێ. ئەگەریش بمەوێ ئەم بۆچوونەم تۆزێ زیاتر روون بکەمەوە ئەوا دەبێ بڵێم لە بنەڕەتدا بەعس بەرهەمی کلتووری شۆڤێنیزمی عەربیە و بەپێچەوانەشەوە تێکڕای شۆڤێنیزمی عەرەبی مکوڕی لەوە دەکەن نەك تەنیا سەدامێکی لە سێدارەدراو بەڵکو سەدان سەددامی زیندوویان هەبێ و بگرە زیاتریش. چونکە شۆڤێنیزمی عەرەبی لەو بڕوایەدان بەبێ ئامادەبوونی کولتووری سەدامیزم کەبەرهەمی کەڵچەری عەرب و ئاوێتەیە بە بیری بەعسییزم لەکایەیی دەسلاّت و بیرکردنەوەیاندا مومکین نیە بتوانن لە گۆڕانکارییە جیهانیەکاند بەهەمووبوارەکانیەوە خۆیان ڕابگرن، بەڵکوولەوە زۆردەترسێن شەپۆلی گۆرانکارییەکان سترۆکتۆری ئەوکلتورەش هەڵتەکێنێ کەئەوان لەسەری درێژە بەژیان ومانەوەی دەسەلاّتی شۆڤێنیانەی خۆیان دەدەن وزۆربەی جاریش هەمان کلتووری شۆڤێنیانەی خۆیان تێکەڵ بە سرووتە ئاینی ومەزهەبیەکان

دەکەن وتەقدیسی دەکەن ، چونکە لەو ڕاستیەش گەیشتوون کە تێکەڵکردنی تێزە ئایدۆلۆژی و فیکری وسیاسیەکانیان بە سروتە ئاینی ومەزهەبیەکان کۆنەستی شەقامی عەرەبی دەوروژێنێ ودەیکاتە سترێکی باش بۆ برەودان بە بەرزکردنەوەی کێرڤی شۆڤێنیەکان وپیرۆزکردنی پایە جۆراوجۆرەکانی کلتورودەسەڵاتیان ودوورخستنەوەی ئەگەرەکانی تێکشکانیان .

بالەم دیدەوە تۆزێك بابەتی تر ولۆژیکی تر قسە لەسەر ئەگەروگریمانەکانی دوای لە سێدارەدانی سەددام بکەین ، چونکە پێموایە بەبێ هێنانە پێشچاوی هاوکێشە وململانیەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق وناوچەکەو تەنانەت نێودەوڵەتیش ناتوانرێ قسەیەکی جدی بکرێ ، باپێکەوە تەماشایەکی ئەم هاوکێشەیە بکەین ودواتر هەموو بۆچونێك بەقەد ڕێژەی بابەتی بوون ولۆژیکی بوونی تەندروست بوونی خۆی دەسەپێنێ (کۆمەڵگایەکی نوقم بوولە قەیران / هۆکارەکانی قەیرانەکە / ڕۆخانی رژێمی بەعس /گەران بەدووای دەستگیرکردنی سەرانی رژێمی ڕۆخاودا / دەسەلات لەنێوان هێزی داگیرکەرو هێزی راستەقینەی ولاتدا / پەراوێزخستنی بریاری ریشەکێشکردنی بەعس /دەسەڵاتی نۆرماڵ / بێدەسەڵاتی لە کۆنترۆڵ کردن /دەستپێکردنی دادگایکردنی تاوانباران / خۆکۆکردنەوەی بەعس / پەرەگرتنی تیرۆرورەشەکوژی / پێش لەسێدارەدان / ململانێەکی فرەجەمسەرلەنێوان شیعەو سوونە لەلایەك وکورد لەگەڵ شیعەو سوونە لەلایەکی تر ،هەروەها ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی و ولاتانی چوواردەوری عێراق لەلایەك وشۆڤێنیەتی عەرەبی و ولاتانی بەناوئیسلامیش لەلایەك ، بیرکردنەوەوئاراستەی کارکردنی ئەوروپا بەجیا لەلایەکی تر، ئەمە سەرەڕای نقوم بوونی کۆمەڵگای عیێراقی لەتیرۆرو رەشەکوژی و داتەپینی باری ئابوری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی وزانستی و.. هتد لەولاوە بوەستێ ) توخم ورەگەزەکانی ململانیەکانی دووتوێی هاوکێشەی ناوبراو پێك دێنن و لە سێدارەدانی سەددامیش دەچێتە سەر کۆڵکە بنچینەیەکانی ئەو ململانێیە . بۆیە من وایی نابینم لە سێدارەدانی ( سەددام ) کاریگەری پۆزتیف ونیگەتیف بەهەردوودیوی ئاراستەکەدا جێنەهێڵێ . بە پۆلینکردنێکی سەرەتایش دەتوانین ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەستنیشان بکەین بەم شێوەیە :

**یەکەم:** رەوایەتی پرۆسەی لەسێدارەدانی سەددام ناتوانێ پەلەپروزێ و مکوڕبوونی لایەنی زاڵی شیعەکان بسڕێتەوە. بەڵکو هێزە سیاسیەشیعەکان دەیانەویست بە هەرنرخێك بێت سەددام لەسەر تاوانەکانی دژ بە شیعە یان ڕوونتر(دووجەیل) لەسێدارە بدرێ و ئەمەش بکەنە دەسکەوتێکی (مەزهەبی- سیاسی)بۆ خۆیان و ئایندەی خۆیانی لە عێراقدا لەسەر درووت بکەن یاخود دابمەزرێنن. دیارە بۆ ئەم مەسەلەیە شیعەکان دوور نیە لە گەڵ ئەمریکیەکان ڕێکەوتنی نهێنیان لەنێواندا کرابێ و جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنی ناوبرا لایەنگری ئاراستەی میانڕەوی شیعەکانی لێبکەوێتەوەو ئاراستەی توندڕەوی شیعەکانیش تووشی گووشارو هێرشی ئەمریکیەکان بنەوە.

**دووەم:** پێم وایە ئەمریکا لەپرۆسەی لەسێدارەدانی سەددامدا بە دوو دیو یان دوو ئاراستەی یەکتر بڕ کاری کردو یارییەکەشی تاڕادەیەکی بەرچاو مەترسی دارە. لەلایەك شیعەکان دەکاتە دەم سپی و سەددامیان تەسلیم دەکاو لەسێدارە دەدرێ و قەیران و شەڕی سەختی نێوان شیعە و سوونە قووڵتر دەکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە سۆزێك بۆ سوونە دەردەبڕێ و دەڵێ ئێمە پێمان باش نەبوو لە جەژنی

تایبەت بە سوونەکاندا سەددام لەسێدارە بدرێ. بەم شێوە ئەمریکاتوانی قەیرانی  نێوان شیعە و سوونە قوڵتر بکاتەوەو بەھەمموو دنیاش بڵێ ئەندازیاری کۆتایی ھێنان بەم قەیرانە بەخۆم نەبێ کۆتایی نایەت.

**سێیەم:** شۆڤێنیزمی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی و سوونەی عەرەبیش وەك بەشێك لەو پێکھاتەیە ، بەتووندی و گووتارێکی یەکگرتووەوە ھاتنە مەیدان و دژی جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی سەددامی دکتاتۆر وەستانەوە، لەھەمانکاتیشدا پێیان وایە ئەمە شکاندنی (عزم)ی عەرەبە و ئیسلامی سوونەیە لەلایەن شیعەکانەوە و لەسێدارەدانەکەشیان بەوە وەسف کرد(سەددام وە قارەمان ژیا و وەك پیاو مرد). لەڕاتیشدا ئەمە ھیچی ترنیە جگەلە کۆدەنگی و پشتگیری بۆ دکتاتۆرێکی وەك سەددام و ھاوشێوەکانی لەھەر جێگایەك بن، بەلاَم بەدیوەکەی تریشدا بۆخۆی دەنگدانی ڕاستە و خۆی شیعەیە لەلایەن شۆڤێنیزمی عەرەبی و سوونەی عەرەبیش وەك پایەیەکی بنەڕەتی ئەو پێکھاتەیە لێی جیا نابێتەوە. وردتر ئەمە زەنگی شەڕێکی چاوەڕوانکراوە لە نێوان شیعە و سوونەدا کە ھۆکارەکەی تەنیا لەسێدارەدانی سەددام نیە وەك جەلاد و دکتاتۆرێك بەڵکو باگراوەندی مێژوویی خۆی ھەیە کەلێرەدا جێی باسکردنی نابێتەوە و کات و بواری زۆرتری دەوێ.

**چوارەم:** دوور گرتنی کورد لە پرۆسەی جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدانەکە بەشێوەیەك لە شێوەکان بابەتی بوو، بەلاَم ئەمە ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە کەگووتاری کورد و سەرکردایەتیەکەی ناڕۆشنیەکی زۆر تیا بەدەر دەکەوێ بەرامبەر لەسێداردانی دکتاتۆر سەددام. من وای دەبینم ئەم ناڕۆشنیە لە گووتاری کورد و سەرکردایەتیەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ ناکارایی و دەستە پاچەبوونی لە مامەڵەی لە گەڵ خوودی پرۆسەی بەڕێوەچوونی دادگایکردنی تاوانبارانی ڕژێمی پێشووی گۆڕکراو بەسەدامی لەسێدارەدراویشەوە. ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد پێی وابێ بە خۆدوور گرتنی لە پرۆسەی جێبە جێکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی سەددام توانیویەتی جۆرێك لە سیاسەتی ژیرانە بکا، ئەوە بەبۆچوونی من ھەڵەیەکی مێژوویی گەورەی کرد. چونکە سیاسەتکردن لە بەرامبەر مەسەلەیەکی واگرنگ و ھەستیاری مێژووییدا ، دوور کەوتنەوەو بێدەگی ھەڵبژاردن سڕینەوەو شەرعیەت دانە بە کۆی ئەو تاوانانەی سەددام و ھاو شێوەکانی بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامیان داوەو ئێستاش بۆیان بلوێ و دەرفەتیان ھەبێ دووبارەو دەبارەی دەکەنەوە. بەلاَم دەکرا کوردو سەرکردایەتیەکەی لە ھاوکێشەکەدا نە وەك شیعە یاری بکەن و نەش بەخواستی شۆڤێنیزمی عەرەبی و سوونە بجوڵێنەوە. روونتر باشترین دەرفەت بوو بۆ کورد و سەرکردایەتیەکەی جەخت لەوە بکەنەوە کەنابێ سەددام تەنھا لەسەر تاوانی دووجەیل لە سێدارە بدرێ. بەڵکو پێویستە لەسەر کۆی تاوانەکانی لە دووجەیلەوە تا دەگاتە قەتڵ و عامی ڕاپەرینەکانی 1991 لەسێدارە بدرێ کەئەوکات تاوانی ئەنفال و ھەڵبجە و کیمیاباران کە گەورەترین تاوانی دژبەمرۆین لسەر ئاستی جیھان دەبوونە بەشێك لە ھۆکاری بنەڕەتی لەسێدارەدانی سەدام و ھاوشێوەکانی و ھاوکێشەکەش بەم شێوەیە نەدەشکایەوەو خودی کورد و سەرکردایەتیەکەشی بەئاراستەیەکی ئاوھا ھەڵەدا نەدەڕۆشتن.

بـەكورتی بـڕوام وایـە لـە هاوكێـشەی لەسـێدارەدانی سـەددام دا كـەبۆ دادێ ئاراتـە و جەمـسەری جۆراو جۆری لێدەبێتەوە،بەو شێوە سیاسەتەی كردمان ئێمـەی كـورد براوەنیمـان و نـەمانتوانی لـەم دەرفەتـە مێژووییــەدا ئــەوەی پێویــست بــوو بیكــەین ئــەنجامی دەیــن . بەبێــدەنگیمان بمانــەوێ یــاخوود نــا شـاهیدییەكی گـەورەمان بـۆ سـەددام دا. لەمەشـیاندا ئەوەنـدەی سـۆزو بـەزەیی بەسـەرماندا زاڵ بـوو ، نەماتوانی سیاسەت بەپێوەرە ڕاستە ڤینەكەی و لەسێدارە دانی دكتاتۆر وەك تایبەتمەنـدێتی كوردتـانی بوونمان بناسین.